**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســتان ـ عێـراق**
**ژمارەی بـڕیــار : ٣**
**رۆژی بـڕیــار : ٢٠٠٢/٤/١١**

## " بڕیــــار "

پشت بە حوکمەکانی ماددەی (٣٨) و برگە (١ ، ٢)ی ماددەی (٣٩) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێراق ، ئەنجومـەن لـە دانیشتنی رۆژی ٢٠٠٢/٤/١٠ یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا :-

**یەکـەم :** پووچەڵکردنەوەی ئەندامێتی انور شوکر محمد لە لیژنـەی ئەشـغال و ئاوەدانکردنـەوە ، چونکە ناشێ ئەندامێك لە زیاتر لە دوو لیژنەی هەمیشەییدا ئەندام بێت .

**دووەم :** ئەم ئەندامانەی ئەنجومەن کە ناویان لە خوارەوە تۆمارکراوە ، هەریەکـەو بـۆ ئـەو لیژنـە هەمیشەییە زیاد دەکرێت ، کە بەرامبەر ناوەکانیان نیشان دراوە :-

١. ظاهر محمد أبراهیم ـ بۆ لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی .
٢. قاسم محمد قاسم ـ بۆ لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری .
٣. د . نیاز میران ـ بۆ لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری .
٤. جمیل عبـدی سندی ـ بۆ لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە .

**سێیــەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرارکردنییەوە لە رێکەوتی ٢٠٠٢/٤/١٠ وەوە خراوەتە بەرکارو لە رۆژنامەی (پەرلەمان) و (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە .

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتان ـ عێـراق**